هاوری یانی خوۆشەویستم:

بەدوای تیکشکان و شکستی شۆرشی ئۆکتۆبەردا، بەدوای هەفتا ساڵ لە رەواج پیدانی جۆرەها مۆدیلی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستی بۆرژواوی ، بەدوای هەفت دەیە لە نارۆشنی و لیڵبوونی ریگای رزگاری بەشەرییەت لە کۆیلەتی کاری بەکریٚ و بەدیهینانی دنیایەکی ئازادو یەکسان ...هتد ، چرایەك تیشکی خۆی بۆ رۆشە کردنەوەی ئەم ریگایەی کۆمۆنیستەکان پەخش کردەوە ، ئەو چرایە( منصور حکمت ) بوو .

ئەو توانی کۆمۆنیزم و چەپی باو و بخاتە ژێر رەخنەی کۆمۆنیستانەی مارکسیستیەوە پرۆژەیەك بیت بۆ سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەو گەشەسەندنەوەی کۆمۆنیزمی واقعی ، کۆمۆنیزمی کریکاران .

بەتایبەت لە دەورانیکدا کە دنیا بەهۆی هەرەس هینانی سوشیالیزمی بۆرژوازی بلۆکی روژهەڵاتەوە تووشی نارۆشنی و تاریکی ببوو ، بۆرژوازی جیهانی تەپلی مەرگی مارکس و کۆمۆنیزمیان لیٚ دەدا ،و بیرمەندانی بۆرژوازی دەیانوویست بەدانیشتوانی سەرگۆی زەمینی قبوڵ بکەن کە ئەمە کۆتایی میژووە و زۆریك لەوانەی سەردەمانیك بوو خۆیان بەمارکسیست و چەپ دەناساند بەرەو راست وەرچەرخان ، ئا لەو دەورانە حەساس و تاریکەدا ( منصور حکمت ) ئەو رابەرە تاقانەیەبوو کە جیلیکی بەرینی بۆ روبەروبوونەوەی ئەم قوناغە رابەری کردو شەرەفی ئەوەی پیبەخشین لە ژێر رۆشنایی و تیئوری‌یەکانی ئەودا دەست بەرەگەیەکی فکری و سیاسی قوڵی کۆمۆنیستی‌یەوە بگرین ، لە شوینیکی ئەم گۆی زەوی‌یە لە عیراق و لە ئیران ، ئەگەرچی لەچاو ئەوەی لە دنیادا ئەگوزەرا هەولیکی بچکۆلەبوو ، بەڵام توانیمان ریگا لەوە بگرین بڵین مارکس مردووە ،

ممکنە لەو دەورانەدا پەنجە بۆ چەند بیرمەند لیرەو لەوێ جیهان ڕابکێشریت کە خەریکی شیکردنەوەی سەرمایەداری هاوچەرخ بووبن ، بەڵام مارکس گوتەنی ئەوایش وەك فەیلەسوفەکان ئەرکیان تەنها شیکردنەوەی جیهان بوو، نەك گۆرینی .

منصوری حکمت وەك بیرمەندیکی مارکسیستی ، بە شیکردنەوەو ڕەخنەی رۆشنی لە سەرمایەداری هاوچەرخ و بەدانانی ئەرك و وەزائیفی واقعی و عەمەلی لەبەردەم کۆمونیستەکاندا، پرۆژەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێکهینا کە جاریکی تر کۆمونیزمی واقعی ، کۆمۆنیزمی کریکاران ببوژینیتەوە و بۆ ئەم ئەرکەش ئامرازی پیویست ، دوو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری لە ئیران و عیراق پیك بهێنیت . بۆیە ئەگەر مارکس و ئینگلس و لینین رابەرانی دەورانی خۆیان بوون ، بە حەق ( منصور حکمت ) یش ئەو رابەرەیە کە لەم دەورانەی میژووی بەشەریەت دا بە رۆشنگەری و جەسارەتی سیاسی و پیشرەوی‌یەکانی لە پیناو ئامانجی ئینسانیەت و ئازادی و یەکسانی و دنیایەکی باشتردا، بالای بەقەدەر بالای رابەربوونی مارکس و ئینگلس و لنین بڵند بوو.

ئەم رابەرە ئازیزەمان لە نیوە ریٚی کاروانی خەباتماندا دلی گەورە ی لە لیدان کەوت ، بەڵام ئەو نەمرە وەك مارکس و ئینگلس و لینین ، ئەو گەنجینەیەکە لە تیئۆری شۆرشگیرانەی کۆمۆنیستی ، پرۆژیەکی کۆمۆنیستی‌یە لە خەباتی داهاتوومانا، لە جەنگ و نەبەردی چینایەتیمان لەگەڵ بوۆرژوازی ئیلهامی لیٚ وەردەگرین و چرایەکە ریگامان رۆشن دەکاتەوە .

سەرەخوشی خۆم لە هاوریٚ ئازەری ماجدی و منالەکانی و خانەوادەی هاوری منصور ( ژوبین ) رادەگەیەنم لەگەڵ سەرجەم هاوری‌یانی ترمدا بەشداری خەمیانم ، هەروەها سەرەخۆشیم لە هاوری‌یانی هەردووحیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و ئیران و دۆست و هاوری‌یانی منصور حکمت رادەگەیەنم .

من ئەگەر چی ماوەیەکە ریزەکانی حیزبی کۆمونیستی کریکاری عیراقم جیٚ هێشتووە ، بەڵام هەوالی مەرگی رابەری خۆشەویستم ( منصور حکمت ) ، رایچلەکانم کە بۆ بەسەرئەنجام گەیاندنی شۆرشی کۆمۆنیستی و دنیایەکی ئازاد و یەکسان ، دەست بە ئالاو بزووتنەوەو حیزبیکەوە بگرمەوە کە ( منصور حکمت ) رەنگ ریژەری بووەو بریاری گەرانەوە بدەم بۆ ناو ریزی هاوریٚیانم لە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ،لە هەولی کاریکدابم لە ئاستی توقعی ئەم ڕابەرەمان لە ڕاستایی پڕکردنەوەی لاوازی‌یەکانی حیزب ڕووەو بە دەستەوە گرتنی دەسەلاتی سیاسی و بانگەوازی هەموو هاوری‌یان و هەلسوراوانی کومونیزمی کریکاریش دەکەم لەم پیناوەدا ئەرك و وەزائیفی جدی لەسەرشان بگرن .

بژی سۆشیالیزم

بژی منصوری حکمت

سامان سعید

٧ی تموزی٢٠٠٢